مافی کۆمایەتییەکان لە نێوان ڕیسا شارستانییەکان و مونا چۆمانی.. عەلی مەحمود محەمەد

یاسای پێشووی هەڵبژاردنی کوردستان یەکێك بوو لە یاسا باشە دگمەنەکانی جیهان, کۆپیەکی یاسای هەڵبژاردنی هەرێندا بوو, بەڵام بە هەموار کردنەوەو گۆڕانی بە چەند بازنەیی تەکدرا, هەشتا دەتوانین بڵێین باشە, وەلە هەڵبژاردنی هەرێمی کردستان لە پراتیکدا خراپترین هەڵبژاردن بوو بەهۆی نەبوونی سنورێك بە ڕێی پارە لە هەڵبژاردن لە نەبوونی سنووری لانی زۆری خەرجکردن و بەکارهێنانی پارەی سیاسی و پارەی بیانی, ئیستغلال کردنی کەتای کۆمایەتییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە, ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پێش وەخت پێش هەڵبژاردنی گشتی, نەبوونی لیستی باشی دەنگدەران و ….لە هیندستان هەڵبژاردن 42 ڕۆژی خایاند دەست لە فەرمەك نەدرا تا کەتایی هەموو پەکەوە ژمەردران و ڕاگەیەنران, کەچی لە کوردستان پەلیسەك دەنگە دات یەکسەر بڕاو دەکرێتەوە کە کاریگەری لەسەر ڕەوتی دەنگدان دادەنێت, لە کوردستان یاسا باشەکە خراپکرا, پراتیکە خراپەکانی هەڵبژاردن لە جێگای خەیان مان.

مافی کۆمیاتییەکان

ئەوەندەی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد لەکەینەوەو نموونەیان لەسەر مافی نەتەوەکانی گەلانی جیهان خوێندەتەوەو بە نموونە لە نووسین و لەدوانەکانیان هێناویانەتەوە نموونەی لە ناو گەلانی ژێردەستدا نییە, لەو نموونانەشەوە بە خەیان بە دوای چاکترینەدا دەگەڕان, ئەمەش مافی هەر گەلەکە داوای زەرترین ماف بە خەی بکات و هەوڵی کەتایی هێنان بە ستەم و ژێر دەستی بدات, هەموو ئەوانەشی لە خەتی پارتە سیاسییەکان و بزاوتەکانیان لایان داوە, لە گەڵ دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست ڕەك کەوتوونە بە جاش و خائین ناوزەد کراون و دراونەتە قەڵەم, ئەگەر هەر چی دەست کەوتەکیشیان هەبووبێت, ڕەکیش ئەوانە جاش بوونە.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 کورد دەسەڵاتەکی خەجێی دامەزراند, یەکەم هەنگاو دەبوایە شوێنەوارەکانی بەعسی بسڕایەتەوە, بەڵام دەسەڵاتدارانی کوردستان شوێن پێی بەعسیان هەڵگرتەوە لە مامەڵە لە گەڵ پەك هاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان, کەوتنە کین و دروستکردنی پارتی کارتۆنی لە چێشنی دیموکرات و شەشگۆڕانە کارتۆنییەکەی

بەغداو مەجلس تەشریعی و تەنفیزییەکە لە کەسانێك کە جێگای پەسەندی ئەو نەتەوەو پێکهاتانە نین و نوێنەرایەتییان ناکەن, ئەمە بووە دیاردە.

هەڵبژاردنی ئەمجارە
سەرەتا ینك داوای دەکرد لیستی ناوی دەنگدەرانی کەتاکان جیا بێت, خەیان دەنگ بە خەیان بدەن, نوێنەرانی راستەقینەی خەیان هەڵبژێرن, ئەمە داوایەکی ڕەوا بوو. دەبوایە کەتا کاکەیی و ئەزیدی و پێك هاتەکانی دیکەشی بگرتایەتەوە, ئەوانیش نوێنەرانی خەیان هەبووایە لە پەرلەمان.
پێکهاتەکان لە زەر پوازدا دەژین, بە پێی چێی دانیشتوانەکانیان کورسییەکانیان دابەش بکرابایا, نێك دوو بە سێ بەسەر پارتی و یەکێتی وێك کورسییەکانی پەرلەمان دابەش بکرابایان, لە کاتێك لە سلەمانی 64 خەزانی کریستان هەیە, کورسییەکانیان وێك دهێك و هەولێرە کە لە هەر یەکێی هەزاران بە دەیان هەزار دەنگدەری لێیە, دەکرا بە پێکهاتەکان کوردستان یێك بازنە بووایە, هەرچەندە یێك بازنەیی بە هەموو کوردستان زەر دیموکراسیانەتر بوو.

با سەیری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کەتاکان بکەین, بزانین چ مەهزەلەیێك کراوە.
لە دهێك بە کورسییەکی کەتای کریستان 8 کاندی هەبوو, کەی گشتی 7050 دەنگیان هەنایەوە, لە کاتێکدا پارتە کریستانەکان بایکەتی هەڵبژاردنیان کردبوو, کاندیدەکەی پارتی بە ناوی جیمس حیسدە هیدە داود 5533 دەنگی هەنایەوە, ولیم بنیامین شلیمەن دووەم کاندید خاوەند 1199 دەنگە , ژمارەکان ئەوەندە ڕەکن دەڵێی یاری بینگەیە, واتا کاندیدەکەی پارتی بە تەنها 78%ی دەنگەکانی بە دەست هەناوە.
لە شاری سلەمانی 3 کریستان خەیان کاندید کرد, 6657 دەنگیان هەنایەوە, کاندیدی حەشدی بابلیون دانا ئامانج نەجیب شەمعون 6200 دەنگی برد, واتا 93%ی دەنگی کریستانەکان چوارتای برد لە کاتێکدا حەشدی بابلیون یێك کەسیشی لە سلەمانی نییە, بە خەی هەموو پارەزگای سلەمانی 125دەنگی کریستانی هەیە، ئەوانیش زەریان دەنگیان بە سامان داوە نێك ئامانج, کەچی سامان جەمیل بیا کەریم تەنها 73 دەنگی کریستانی بە دەست هەناوە, بەمەش دەنگی کریستانەکان سلەمانی 5300% زیادی کردووە.
لە پارەزگای سلەمانی تورکمانیش 6 کاندیدیان هەبوو, کەی گشتی 7098 دەنگیان هەناوەتەوە, لەوانە نەجدەت نوری محەمەد عەرەب بە تەنها 5660 دەنگی هەناوەتەوە, لەسەر تەوجیهاتی وەستا ڕەسوە .

کەچی سەرگین مصطفح الدین عەلی عەباس کاندیدی بەرەی تورکمانی تەنها 505 دەنگی هێناوە, کە زۆربەی تورکمانەکان کفری کە کەمتر لە 2000 دەنگیان هەیە دەنگیان بەو داوە, کەچی سەیرە.
واتا کاندیدەکەی وەستا رەسوڵ1120%ی کاندیدی بەرەی تورکمانی دەنگی هێناوەتەوە, چاکترە لە داهاتوو تووركمانەکان بەرەی وەستا رەسوڵیش پێك بهێنن بە خەیان" دەنگەکەی وەستا رەسوڵ بەاو کرایەوە".
لە هەولێر کریستانەکان 7 کاندیدیان هەبوو, کەی گشتی 7458 دەنگیان هێناوەتەوە, لەوانە رامی نوری عودیش دانیال کاندیدی پارتی 5752 دەنگی هێناوەتەوە, واتا 77%ی دەنگەکان بە کاندیدەکەی پارتی بووە.
هەر لە شاری هەولێر تورکمانەکانیش 14 کاندیدیان هەبوو, کەی گشتی 5236 دەنگیان هێناوەتەوە, مونا نەبی نادر عەبدوڵا ناسراو بە مونا قەهوەچی بە تەنها 3664 دەنگی هێناوەتەوە , واتا 70%ی کەی دەنگەکان.
بەرەی تورکمانی لە هەولێر لە گشتی لیستی هەبوو, بەڵام تەنها 1725 دەنگی هێنایەوە, واتا مونا چەمانی 212%ی دەنگی بەرەی تورکمانی هێناوەتەوە.

مونا و رێیان دوو نموونەی خراپ بە مافی پێکهاتەکان

چەن بەعس بە دوای نموونە ناشرینەکانی کەمپەگای کوردی دەگەڵا بە جاشایەتی لە سەرەك خەڵ و خەڵکانی لاوازو دواکەوتوو, بە هەمان شێوە پارتی و یەکێتی هەمان نموونە دووبارە دەکەنەوە, ناهێڵن پێك هاتەکان نوێنەری راستەقینەی خەیان هەڵبژێرن, بەو لەشاوە دەنگەی ناو هەزە چەکدارە کەنترۆڵکراوەکان هەیانە رەوتی دەنگدانەکانی ناو پێکهاتەکان بە قازانجی کاندیدەکانیان دەگۆڕن.
مونا قەهوەچی لە پارتییەکان پارتیترە, بە سیەم خول بە دەنگی زۆرەقانی دەبێتە پەرلەمانتار, لە ماوەی کارەکەری هەیە و سەر بە هەویە شوی کردووە, خەی و هاوسەرکەی سەرەك و جەگری سەرەکی پارتی ئیسلاحی تورکمانین, لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردن دەنگی یەکەمی ناو لیستی تورکمانەکان بووە بە دەنگی زۆرەقانی.
هەرچی رێیان کلدانییە, سەرەکی حەشدی کلدانییە, بە دەنگی حەشدی شەعبی و یەکێتی زەرینەی کورسی کریستانەکانی بە خەی بردووە, دوای کەرکووك لە سلەمانیش لە رەگای یەکێتییەوە کورسییەکی برد, پەی دەچێت دادگای فیدراڵی تەنها لەبەر شێخ رێیان وەك شیعەکان ناویان لە ناوە, کورسییەکی کەتایان بە 64 خەزانە کریستانەکەی سلەمانی تەرخان کردبێت.
رێیان کلدانی بە بنەچە کریستانەو خەڵکی قوشە لە پارێزگای موسڵ,

بەڵام دانیشتووی شاری سەدر لە بەغدا, سەرکی کۆتیبەی بابلیون, لە رێکەوتی 18-7-2019 ەوە ناوی لە ریزی لیستی سزادراوانی یاسای ماغنیستی ئەمریکادایە بەهەی گەندەڵی و داگیرکردن و فرۆشتنی زەوی هاوولاتیان لە دەشتی موسڵ و پاڵاماردانی ئافرەتان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ , ئەو دژە ئیسلامی سونیە تا ئاستی راستیزم, لە موسڵ وەحشیانە لە گەڵ پێکهاتەی سونە مامەڵەی کردووە, یەکێك لە نزیکەکانی قاسم سلەمانی و مەهدی موهەندیس بووە, پێشتر لە سوپای مەهدی بووە, بەهەی ژنخوازییەوە بووە بە موسڵمانی شیعە, 4 پەرلەمانتارەکەی لە کۆتای کریستان بە هەمان شێوەی کاندیدەکەی سلەمانی و کەرکووك دەرچوونە, چاودێرانی کریستان پێیان وایە تەنها 10%ی کریستانەکان دەنگیان بە لیستەکەی داوە, بە فێڵ و دەنگی حەشدی شەعبی کورسی کریستانەکانی بە خۆی بردووە.
کەنیسەکانی کریستانەکان بە بۆری خۆیان لە کۆتیبەکەی راگەیاندووە, بە تایبەتیش ململانێی توندی لە گەڵ پەتریرك لویس روفائیل ساکۆ پەتریرکی کلدانی عێراق و جیهان هەیە, هەر لە بەر ڕێیان لە رێکەوتی 3-7-2023 بە مەرسومی سەرۆك کۆماری کشاندەوە کە دە ساڵ پێشتر لە سەردەمی تاڵەبانی دەرچوو بوو بە ئاوێی سەرپەرشتی ئاوقافەکانی بکات, کە ڕێیان چاوی لە سەریەتی مەرسوم دەربچێت ڕێیان سالم داود بکات سەرپەرشتی وەقفی کەنیسە کە خاوەند موڵکێکی زۆرن, چۆن خۆشکێکی کردووە بە پەرلەمانتار و خۆشکەکەی تریشی کردووە بە بەرپرسی دارایی, ساکە لە ئاستی کاردینادایە, لە دوای پاپا دووەم پێستە لەناو کاسولیکەکان جیهان.
بەم شێوەیە دەبینین نەتەوەیەکی بن دەست بەم شێوەیە مافی نەتەوە بندەستەکان خۆی چارسەر دەکات, دوا تەرزی چارسەری نەتەوەیی لە نیشتمانەکدا خۆی وەاتەکەی دابەشی چوار پارچە کراوە, لە لایەن دوو هێزی سیاسییەوە لە زووکەوە ناو نراون بیبسی و کۆلا.

پاوانخوازی ئێران لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا، حەشدی شەعبی

نموونە.. ڕەوا حەمەجان

لە دوای بە سەرکەوتن گەشتنی شەرشی گەلانی ئێران گروپێکی ئایینی تووندڕەو سواری شەپۆلی شورشەکە بوون و لە ڕێڕەوە شەرشگێریکەیان لادا، بەگژڕانەوەی خومەینی بە تەهران هیواش هیواش هەرچی گروپ و دەستەی ئیسلامی تووندڕەوی ئێران هەیە لە دەوری خۆی کۆکردەوە، کاتێك هەستی کرد تەواو بەهێز بووە بتەواوەتی دەستی گرت بە سەر شەرشەکەدا و کۆنترۆڵی تەواوی ئێرانی کرد، هەر بەمشێوە نەوەستا بەکۆکوماری ئیسلامی ئێرانی ڕاگەیاند و تەواوی وڵاتی خستەژێر حوکمی ئیسلامیەوە.

یەکێك لە بەرنامەکانی خومەینی سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شەرش بوو، بە وڵاتانی دراوسێی، بتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە شیعەی تێدا دەژێت، یەکەم وڵاتیش عیراق بوو کە بەر ناردنەدەرەوەی شەرشی ئیسلامی کەوت.

کۆماری ئیسلامی بە شۆڕیێك ڕەگ و ریشەیان لە عێراق داکوتیوە لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام شیعەی عێراق بە تەواوەتی دەستیانگرت بە سەر حوکمدا.

دوابەدوای هاتنی داعش و داگیرکردنی چەندین گەورەشاری عێراق، ئێران هەستا بەچەکدارکردنی شیعەکانی عێراق لە شێوەی میلشیادا لەژێر ناوی (حەشدی شەعبی)، ئەم گروپە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق هەڵسوکەوت دەکەن و ڕاستەوخۆ لە ئێرانەوە ڕێنمایان بە دەت.

پاش تێکشکاندنی داعش بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی بە داعش، حەشدی شەعبی وەك هەزیکی میلیشیایی بە تەواوەتی دەستی گرت بە سەر ئەو ناوچە سوونە نشینانەی عێراقداکە تازە لە دەستی داعش ڕزگارکرابوون، پاش ئەوە حەشد دەرەشتە ناو هەرشارێکی ڕزگاربوو لە دەست داعش، حەشدی شەعبی هەڵدەستا بە ڕشبگیری و ئازاردان و وێرانکردن و تانانەت کوشتنی سەدان کەس، خەڵك دەخەش بوون بەوەی گوایە ڕزگاریان بووە لە دەستی تیرەرستانی داعش بە ئاگابوون لەوەی کە دووبارە کەتوونەتە ژێر دەستی گروپێکی تری لە یاسا دەرچوو کە کەمەك لە داعش جیاوازترە، سەدان نموونەی کردەوەی کوشتن و گرتن و ڕاودوونان هەیە لەم باریەوە بە نموونە: تەنها لە ناو موسڵدا حەشدی شەعبی (2500)خەڵکی مەدەنی گولەبارانکردووە لە (3)ڕۆژی یەکەمی دەرپراندنی داعشدا، هاوڵاتی (فوزیە جواد حامد) لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت: لە دوای دەستبەسەرکردنی هاوسەرم(حەسەن فەتاح موحەمەد) و (3) کوڕم لە لاین حەشدی شەعبیەوە هەتا ئێستا

چارەنووسی هاوسەر و کوڕەکانم دیار نیە و نازانم، بە هەر کوە دەڕۆم دڵنیا نیە.
لە شاری تکریت سەدان کەس هەتا ئیستا لە زیندانە نهێنیەکانی حەشدی شەعبیدان ئەمە جگەلەوەی چارەنووسی سەدان کەس تا ئێستا نادیارە و کەس نازانێت لە ژیان ماون یان کوژراون، هاوڕاتی (رزوان خلف) دەڵێت: لە پێش چاوی خۆم براکەم گولەباران کرا لە تکریت لە لایەن میلیشیاکانی حەشدەوە.
تەنها لە شاری دووزخورماتوو زیاتر لە (10) هەزار کوردی شارەکە ئاوارەبوونە لە دوای ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەستیانگرت بە سەر شارەکەیاندا و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان، ڕۆژانە هەڕەشە لە خەڵك دەکرێت، هاوڕاتیکی خەڵکی دووز بۆناوی (هاوبەش موحەمەد ئەحمەد) پاش ئەوەی باوك و دایکی لە لایەن حەشدی شەعبیەوە دەگیرێن دوای ماوەیەکیش برایەکی بۆ ناوی (هاوکار موحەمەد ئەحمەد) لە لایەن حەشدەوە دەکوژرێت، ئەم کارەساتە ماوەڕانیەی کە بەسەر باوك و دایك و براکەی (هاوبەش موحەمەد ئەحمەد)دا هات وا دەکات کە پێویست بێت بە هێزەکانی خۆبەخش لە شارەکەی کە هێزکن ڕووبەرووی حەشد دەوستنەوە پاش ماوەیەك (هاوبەش موحەمەد ئەحمەد) بریندار دەبێت، دواتر بۆناچاری دووزخورماتوو بجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە وڵاتانی ئەورووپا.
حەشدی شەعبی بەتەواوەتی حاکمی فەرمیە لە عێراقدا وەك حکومەت لە ناو حکومەت کار دەکات هاوشێوەی حیزب اللە لوبنان. هەر بۆیە زۆر گرنگە بە نێوەیەکگرتووەکان و دامودەزگاکانی مافی مرۆڤ بە دەنگ نەبن لە ئاست ئەو ماوەڕانیەی حەشد هێناویەتی بە سەر گەلانی عێراقدا.

نامەکانم.. 3 و 4.. شەماڵ بارەوانی

نامەی سێیەم

ئازیزەکەم، جاران بابایەکی بەوادار بووم و دنیایەک خۆن و خیاڵم لەسەر مەتافیزیکا دەنابوو، ئەفسووس! دواتر هەموویان بوون بە

تراویلکە و دانەدانەیان وەک دیواری لە لمدروستکراو لەبەر چاوەکانم هەمان. دەیان دنیایەکی تر هەیە و پێیتی لە عەدالەت و حەری و شەراب! دنیام ئەگەر مرۆڤی تێدا بێت دیسان وەرانکاریی و خۆپەرستیی دەستپێدەکاتەوە و مرۆڤکان گوو لەوەش دەکەن. ئازیزی من، وەکو چۆن ئەرە هەرگیز ئاو هەسارەیە نابێت کە مرۆڤ بتوانێت تێیدا بحەستێتەوە. بەواناکەم شوێنێکی تر و هەسارەیەکی تریش هەبێت مرۆڤی کامڵی تێدا بدۆزینەوە. کەواتا با چیتر بەو جۆرە وەهم و وێنە و خەیاڵانە خەمان و هیچ کەسێکی تر فریو نەدەین. مەبەستم مژدەی بەهەشتێکی تری بەڵێنپێدراو بە هیچ کەسێک نەدەین. با ئاوەشت پێ بڵێم، هاستە من کەسێکی ئەتایست* نیم، وەڵە لێتی ناشارمەوە کە بابایەکی ئاگنۆستیکم* مەبەستم نازانمگەرام. هاستە کاهینی پەرستگاکەی گەورەکەمان هەموو ڕۆژێک بە دەنگێکی گە و جاسکەر و ناخۆش دەڵێت: هەزێکی باڵا هەیە و گەردوون و هەموو شتێک بەڵگەوەدەبات. لە هاستیدا من لەوە دنیا نیم و هیچی وای لە بارەوە نازانم. مەبەستم ئاو هەزیە کە کاهینەکە باسی لەوە دەکات. گوتم من نازانمگەرام. مەبەستم بابایەکی گومانگەرام و گومانم لە هەموو شتێک هەیە.

---

*مرۆڤی ئەتایست(Atheist)- بەباوەڕ، باوەڕی بە هیچ شتێکی مێتافیزیکی نییە و بیرکەی: خودا، ئاین و پێامبەرێتی بەتاواوی ڕەت دەکاتەوە.
*ئاگنۆستیسیزم(agnosticism)مەزهەبێکی فەلسەفییە و هەڵگرانی ئاو بیروباوەڕە دەربارەی بوون یان نەبوونی خودا چەمکی(نازانم) بەکاردێنن و به کوردی پێیان دەگوترێت: نازانمگەراکان.

نامەی چوارەم

ئازیزەکەم، "لەدایکبوونمان گەورەترین خسارەتمان بوو. منیش وەکو تۆ لەگەڵ دەخێکدا دەجەنگم کە نەبوون منی تێدا فڕێ داوە."* ئازیزەکەم، من لە کۆشکێکی تاواو کافکاییەدام* و جگە لە قەڵەقیەکانم، هەست بە هیچی تر ناکەم. ڕەنگە ئاوانی تر هەستی پێ نەکەن. مەبەستم قەڵەقیەکانمە. جا ئاوان هەست بەچی دەکەن؟ ئازیزەکەم، تەش وەکو من، هەر کاتێک هەستت بە دڵتەنگیی کرد، هاوە دە گوێ لە مۆزیک بگرە و لە سەگ نزیک بەوە، دنیام ئاوە زۆر باش دەبێ بێت. پێکەک شەرابیشت هەبێت خراپ نییە. من بۆ ڕۆگایە لە قەبارەی خەمەکانم کەم دەکەمەوە و ئازارەکانم سڕ دەکەم. ئازیزەکەم، سەردەم سەردەمی دڵداوکێ و خەمەکییە، مرۆڤایەتی لە

قیراندایە. مرۆڤە هۆشیارەکان هەموویان لە خەم و ئازاری قووڵدا دەژین. ئەگەر بتوانە خۆت بیت و لە هیچ کەسی تر نەچیت، دەبە بەرگی دوورکەوتنەوەی ئەوانی تر بگریت. بەڵام، دەبە خۆت لەگەڵ تەنیایيدا ابنیت. بەڵێ تەنیایی.

---

*با فەلسەفییانە بیر بکەینەوە" ئەو25" بیرمەندی ژیانی ئەمیان گەی"، عەلی حوسێن، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، ل ٢٦٢.
*ماننووس و چیرکنووسی چیکی(فرانتس کافکا -٣ی تەممووزی ١٨٨٣ – ٣ی حوزەیرانی ١٩٢٤) کاراکتەر و پاڵەوانی چیرۆک و ماناکانی زیاتر مرۆڤی گۆشەگیرن و لە قەڵەقدا دەژین. ئیدیمی(کافکایی)ش زیاتر بە دەخکی پە لە بەمانایی، دەڵاوکە و کابووساوی بەکاردێت.

دابەشکردن بەسەر سفر!.. عەباس ئیسماعیل حەمەد

بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

AbasEsmailHamadDownload

دیدار لەگەڵ نووسەری ئەدەبی مناڵان عەلی حەمە ڕەشید.. هەڤپەیڤین – کامەران حاجی

ئەلیاس

نووسەرعەلی حەمە رەشید:ئەو بابەتانەی کە دەیان نووسم پەروەردەیین و باسی خەشویستی باوك و دایك و خزان و مامۆستا و گوێ و پێپولێ و خەرو هەور و باران و خاك و نیشتمان دەکەن
نووسەرعەلی حەمە رەشید: ئەدەبی منداڵان بە هەموو ژانرەکانیەوە جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە
نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان عەلی حەمەڕەشید ڕەزا ناسراوە(عەلی حەمەڕەشید بەرزنجەیی) یەکێکە لەونووسەرانەی کە شوێن پەنجەی لەنێوئەدەبی منداڵان دیارە لە ساڵانی هەشتاکان دەستی بەکاری نووسین کردوە لە بواری منداڵان خاوەنی زیاتر لە(28) کتێبە لەو بوارەدا وە چەندین کتێبشی ئامادەیە بە چاپ .. هەندێ لە هەنراوەکانی بوونەتە میتۆد نەوپڕگرامەکانی قوناغەکانی خوێندن هەروەها چەندین لە هەنراکانی کراوەن بە سروود وگۆرانی.. بە زیاتر ئاشنا بوون بەکارەکانی بەچەند پرسیارێك بەسەرمان کردوە .
هەڤپەیڤین – کامەران حاجی ئەلیاس

*هەموو شتێك سەرەتایەکی هەیە بەرزتان چەن تەکەڕ بەجیهانی ئەدەبی منداڵان بوون؟

- من هەر لە منداڵییەوە بەهەی ئەو ژینگەیەی کەتێیدا پەروەردە بووم و ژیاوم حەزم بە خوێندنەوە کردووە،چونکە لەماڵی ئێمەدا دیوانی شاعیران و گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەو کاتە هەبوو، کە برا گەورەکەم دەیکڕین و دەیخوێندنەوە.چونکە خوێندەرێکی باشبووە،هەنراوەشی دەنووسی. کە چاوم کردوەو فەری خوێندنەوە بووم هەر لە پەلی چوارەمی بنەڕەتییەوە ئەوانەم دەخوێندەوە و لە قوتابخانەشدا قوتابییەکی زیرەك بووم ،بیرمە لەپەلی دووەمی بنەڕەتیدا بووم لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا مامۆستاکەم دەیزانی کە توانای نووسینم زۆر باشە و خەتم جوانە دوو نیوە دەڤ هەنراوەی پێنووسیم کە ئەو مامۆستا بەڕێز ناوی مامۆستا(ئەبوبەکر محەمەد کەریم) بوو ،زۆر بە جوانی لەسەر تەختەکە بە تەباشیر نووسیم.ڕەزو خەشویستیم هەیە بۆی .کە دواتریش لەیەکەم بانگی نوورزدا هەر ئەومامۆستایە هەنراوەیەکی بە دانابووم کە بیخوێنمەوە، زۆر بەسەرکەوتوویی لە ئاهەنگەکەدا خوێندمەوە کە خەڵکێکی زۆری لێبوو.دواتریش لەو شانیانەدا کە بە بانگکان ئامادەیان

دەکرد لە پاڵی یەکی ناوندیدا بەشدار دەبووم و ئێستاش دەبینی،لەو کاتەوە بەهرەی نووسینم تێدا دەرکەوت و هەنراوەم دەنووسی، تەکنیکی بوونیشم بە دنیای ئەدەبی منداڵان دەگەیەنێتەوە بە یەکەم دامەزراندنم وەك مامۆستا لەساڵی ١٩٨٤ لە گوندی (مەریاس) سەر بە ناحیەی سەرچنار (بەرزنجە).لەکاتی وانە وتنەوەدا جارجار هەنراوەم بە دەوتن هەستمکرد کە منداڵان زیاتریان خۆشدەوێم و حەزیش بەوانەکەم دەکەن، بۆیە لەوەوە دەستمکرد بە هەنراوە نووسین کە نیشان هاوێکانم دەدا بەڵایانەوە پەسەند بوو هەندێکیان دەیان نووسی و ئەوانیش بە قوتابیەکانیان دەوت، وردە وردە هەنراوەکان زیادیان کرد و یەکەم هەنراوەشم لە ساڵی ١٩٨٥ دا لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) دا بڵاوکردەوە کە بە منداڵان بوو. ئیتر دوای ئەو هەنراوەی تریشم دەنارد و بڵاویان دەکردەوە، دوای ڕاپەڕینیش لەگەڵ ئەوەی کە زیاتر لە ئەدەبی منداڵان گەیشتم لەگەڵی خوێندنەوە هەوڵمدا کە بیانکەم بە کتێب،دوای ئەوە کەمێك کتێبم بە منداڵان بچاپ گەیاند و هەر گەڕەکیش بە منداڵان دەربچووایە لە هەر شوێنکی کوردستان بابێتم بە دەناردن و بڵاویان دەکردەوە.

*گومانی تێدانییە ئەدەبی منداڵان جیاوازە لەگەڵ ئەدەبەکانی تر بەچوونی ئەوە ئەو جیاوازییانە چین؟ پێتان وایە نووسین لە بواری منداڵان کارێکی زەحمەت بێت؟

- بۆیە ئەدەبی منداڵان بە هەموو ژانرەکانیەوە هەنراوە،چیرۆك،ئەپەرێت، شانۆیی،ڕۆمان، سیناریۆ.. جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.لە ئەدەبی منداڵاندا لەگەڵ ئەوەی کە نووسەر دەبێت خاوەن بەهرە بێت، پێویستە وشەکان سەر بە فەرهەنگی منداڵ بن،دووربن لە وشە و دەستەواژەی زبر و نەگونجاو و ناپەروەردەیی، وشەی نامۆیان زۆر تێدا نەبێت ،کۆتاییەکی هیوا بەخشیان هەبێت،گرنگی بدرێت بە مرۆڤدۆستی و ژینگە دۆستی و ئاشتی و خۆشویستی بە خەڵزان و خاك و نیشتمان، نووسەر شارەزای سایکۆلۆژیای منداڵ بێت و بزانێت بە کام قۆناغی تەمەن بابەتێکی دەنووسێت،دووربن لە وشەی (خوێن، مردن، کوشتن، خنکان، سەربڕین.....) تا کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ دروست نەکات،ڕۆچاوکردنی ئەم سەردەمە کە چی دەخوازێت تا بکرێتە ناونیشان و ناوەرۆکی ئەو بابەتەی کە دەینووسن، دوور بن لە دووپاتکردنەوە و سواوی و هەمیشە هەوڵی داهێنانی زیاتر بدات.لە هەمووی گرنگتر خۆیان

پانتاییی باش تیاندا داگیر بکات.بۆ بەشی دووەمی پرسیارکەشت دەدەم نووسین خۆی بەرپرسیارێتییە بگشتی بەڵام نووسین بۆ منداڵ بۆتایبەتی بەرپرسیارێتییەکی زۆر قورسە لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە ئەمە کە بۆ منداڵ دەنووسین هەر ئاسان نییە کەمەبەست وشە ڕێز بکەین و کێش و سەروایان هەبێت بەڵکو ئاوازەکانیان یان شتێك بگەیەنێت و بەڵکو چیرۆکە هەریەکێك لەو ژانرانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و پێویستە ئاگاداری هونەر و تەکنیکی نووسینیان بین،ئاگاداری ڕەزمان بین،ئاگاداری ئەوە بین زانیاری نادروست بۆ منداڵ نەبێت،جونکە زوو وەریدەگرن و سەینەوەی کارەکی گرانە.

*بوونی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی تایبەت بۆ منداڵان تا چەند وەك پێوست لە خزمەتی منداڵان دان؟

- لەڕاستیدا دوای ڕاپەڕین کەمەبەست گۆڤاری تایبەت بۆ منداڵان لە شارەکانی کوردستاندا دەرچوون کە خزمەتێکی باشیان بۆ ڕۆژنامەگەری منداڵان و بۆ ئەدەبی منداڵان و بۆ منداڵان کردووە.بەداخەوە کە بەشێکی زۆریان ئاوا بوون و بەهۆی باری دارایەوە وەستاون،لە ئێستادا چەند گۆڤارێك ماون کە بەردەوامن .وەك ئاگادارین یەك دوو گۆڤاری نوێ لە ئامادەکاریدان کە دەربچن.بەگومان گۆڤاری منداڵان بۆجگە لەوەی کە خزمەت بۆ منداڵان دەکات خزمەتیش بۆ شاعیر و نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانیش دەکات تا لەوەوە بەرهەمەکانیان بۆاوبکەنەوە و زیاتر بناسرێن.

*بۆ بۆچوونی ئەوە،نووسەرانی بواری منداڵان لە کوردستان لە چ ئاستێك دان؟ ئایا کاریگەریان هەبووە لەسەر هۆشیارکردنەوەی منداڵان؟

- بەخۆشحاڵییەوە لە ئێستادا کەمەبەست نووسەر و شاعیری دڵسۆز و خەمخۆری بواری ئەدەبی منداڵان لە کوردستاندا کار بۆ منداڵان دەکەن و پێکەوە توانیویانە تا ڕادەیەك کە ئەدەبی منداڵان لەو چاڵە بەستوویەی تێیدا بوو ڕزگار بکەن، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەدەبی منداڵانی ئەمە هەروەکو ئەدەبی منداڵانی وڵاتانی درواسەمان هەنگاوی باشی ناوە ،هەموو ئەو نووسینانەش لە هەر ژانرێکدا بن کاریگەری خۆیان هەبووە و هەیە لەسەر هۆشیارکردنەوەی منداڵان.بەڵام لێرەدا حەزدەکەم باسی ئەوە بکەم کە تیراژی ئەو کتێب و نامیلکە و گۆڤارانە زۆر کەمن لەبەر باری دارایی کە زۆرجار تیراژیان(٥٠٠)

نوسخەیە کە لە ڕاستیدا وەک پێشتر باسمکردووە لە دیداری ترمدا بۆشی منداڵانی چەند قوتابخانەیەک ناکات کە خۆی بە هەموو منداڵانی کوردستان نووسران.
*نووسینەکانی بەرزەزت تایبەتن بە قۆناغێکی دیارکراوی منداڵان؟ یاخود گشتگیرە؟

- هونراوە و چیرۆک و ئەپەرەت و جارجاریش شانۆیی دەنووسم.زیاتر نووسینەکانم بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان و بازنەی یەک و بازنەی دوو،هەندێکجاریش بۆ بازنەی سێ دەبن بۆنام بەکەمی. لەگەڵ ئەوەشدا من بۆ هەموو منداڵانی کورد دەنووسم.بۆیە دەتوانم بڵێم گشتگیرە.
*ئەو بابەتە چین کەزیاتر لە نووسینەکانت فۆکسی دەخەیتە سەری؟

- من ساڵانێکی زۆر مامۆستا بووم و ئێستاش سەرپەرشتیاری پەروەردەییەم،زۆری ئەو بابەتانەی کە دەیان نووسم پەروەردەیین و باسی خۆشەویستی باوک و دایک و خێزان و مامۆستا و گوڵ و پەپوولە و خۆر هەور و باران و خاک و نیشتمان دەکەن و پەیامی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی و ئاشتی لەخۆ دەگرن. بۆها جوانەکان تێدایە، هونراوە و چیرۆک و ئەپەرەت و جارجاریش شانۆیین، بۆ هەموو منداڵانی کورد دەنووسم.
*بەرزتان خاوەنی چەندین کتێبن لە هەردوو بواری هونراوە وچیرۆک پێشوازی بەگشتی و بۆ تایبەتیش منداڵان لەو بارەمانە چۆن دەبینیت؟

- من تا ئێستا کەمێک بارەمم بۆ منداڵان چاپکردووە کە هونراوە و چیرۆک و شانۆیی و ئەپەرتن،لایەن منداڵانەوە پێشوازییەکی باشیان لێکراون،هەروەها لایەن ئاوازدانەرانیشەوە ئەوانەی کە کار بۆ منداڵان دەکەن زۆرترین هونراوەم ئاوازیان بۆ دانراوە و کراون بۆ گۆرانی کە زیاتر لە (٣٠٠) هونراوەن،هەروەها ئەو ئەپەرتانەش کە نووسیومن لە باخچەکانی منداڵاندا کاریان لەسەر کراوە و نمایش کران. ئەو ئاواز دانەرانەی کاریان لەسەر هونراوەکانم کردووە زۆرن کە ناتوانم ناوی هەمویان بهێنم، هونراوەشم هەیە لە ئاوازێک زیاتری بۆ دانراوە.
یەکەم هونەرمەندیش کە ئاوازی بۆ یەکەم هونراوەی من دانا هاوڕێی هونەرمەند (سەلام حەمادی) بوو، هەروەها هاوڕێی

هونەرمەند مامۆستا(سالار عەبدوڵا) ئاوازی بۆ زۆرترین هەڵبەستەکانی من داناوە . تیپی هونەری منداڵانی سلێمانیش بە سەرپەرشتی هاوڕێی هونەرمەند مامۆستا(مەفەق عارف لهەنی) کاریان لەسەر بەشێکی زۆر لە هەڵبەستەکانم کردووە.

*بوونی پێخنە و پێخنەگر لە هەموو بوارێك دا گرنگە، ئایا ئێمە ڕەخنەگرمان لە بواری منداڵان دا هەیە ئەگەر هەیە چەن دڵنیایتە ڕەخنەکانیان؟

- خەی پێخنەش ژانرێکی سەربەخۆیە و ئەگەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی و دروست و بنیاتنەرانە بێت ئەوە زۆر باشە و دەبێتە هەی هەڵسەنگاندن و بۆڕوپێشچوونی ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی منداڵان بەتایبەتی ،لە ئێستادا پێخنە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا هەیە بەس لە پێنجەکانی دەست تێپێ ناکات ، ئەو پێخنانەش کە بڕچاون و لە چاپنامە و گۆڤارەکاندا دەیانبینین هەندێکیان باشن و لەلایەن کەسانی شارەزاو بە تواناوە ئەنجام دراون، هەندێکیشیان وەکو پێویست نین.

*لە قوتابخانەکان تاچەند گرنگی بە وانەی هونەری دەدرێت لەو کاتەی تائێستا میتەدێکی تایبەت بە وانەکە لە قوناغەکانی خوێندن دا نییە؟

- من پێشتر بابەتێکم بەناوکردەوە بەناوی(گرنگی وانەی سرودو مۆسیقا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا) کە بە وردی باسی بوون و گرنگی ئەو وانانەم کردووە بەناو بە مەرجەك مامۆستای تایبەتی خەی بیەوێت ، وانەی هونەر و وەرزش وا لە قوتابیان دەکەن کە ئەو وزە زیادەیەی هەیانە بەشێوەیەکی دروست خاڵی ببنەوە و ئامادەبن بۆ ئەوەی وانەکانی تر بخوێنن،لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا و قوتابخانەیان لا خۆشویستتر دەبێت، بەهەرو تواناکانیشیان دەردەکەون و بە باشی گۆشە دەکات.وانە وتنەوە لە باخچەکانی منداڵاندا لەگەڵ چیرۆك و شانۆ و گۆرانی و میوزیکەوە دەوترێتەوە ،منداڵان بە پەرۆشەوە گوێی لەدەگرن و حەزی پەدەکەن.لە قوتابخانەشدا مامۆستایان دەتوانن بە هەندێك بابەت چیرۆك بەکاربهێنن تا قوتابیان باشتر لە وانەکە بگەن.وانەی هونەر و وەرزش دوو وانەی زۆر گرنگن هەروەکو وانەکانی تر ،چونکە لەڕاستیدا منداڵ ئەو تەڕانە ی هەر زۆر لەلا خۆشە کە یەکێك لەو وانانیان هەبێت بەمەرجەك مامۆستای شارەزا و پسپۆڕی خەی بیەوێتەوە.

*مەرجی هەنراوەی منداڵان بە ناو پەڕگرامی خوێندن دەبێت چۆن بێت وەك دەزانین ئەو هەنراوەیەکتان لە کتێبی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتیدا دانراوە؟
-مامۆستای خۆشحاڵییە کە هەنراوەی(پاکوخاوێنی ژینگە) وەك باستان کرد لە کتێبی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتیدا /بەرگی دووەمدا دانراوە،ئەم هەنراوەیە لەوانەیە یەکەم هەنراوە بێت کە بە ژینگە نووسراوە و کراویشە بە گەرانی کە هاوڕێی هونەرمەند مامۆستا هەژار عوسمان ئاوازی بۆ داناوە و بەسەر زاری منداڵانەوەیە،من لەماوەی پێشوودا لە(دیداری کاکەی فەلاح بە ئەدەبی منداڵان) لەکێبڕکێیەکەم پێشکەش کرد بۆناوی(بەشێك لە هەنراوەکانی ناو پەڕگرامی خوێندن،کاکەی فەلاح وەك نمونە) کە تێیدا بە ڕوونی باسی ئەوەم کردووە کە ئەو هەنراوانەی کەلە پەڕگرامی خوێندندا دادەنرێن وەك ئەوە نییە کەلە گۆڤاریان ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوە ،چونکە لەوانەیە تیراژیان کەم بێت نگۆنە دەست هەموو منداڵێك،بەڵام ئەو هەنراوانەی کە لە پەڕگرامی خوێندندا دادەنرێن دگۆنە هەموو منداڵێك لە گشت شار و شارۆچکە و گوندێك کە قوتابخانەی تێدا بێت ،بۆیە پێویستە لێژنەیەکی شارەزا و پسپۆڕ سەرپەرشتی بکات لە ڕووی هونەر و تەکنیکی نووسینەوە ،لەڕووی زمانەوە،لەڕووی دەروونییەوە، بە ئەو پەڕە بگونجێت کە بۆی دادەنرێت ،هیوا بەخش بێت،کەتایبەکی باشی هەبێت کە منداڵ چاوەڕێی دێی تر نەکات،بەئاسانی ئاوازی بۆ دابنرێت و بکرێت بە گەرانی،وشەی نەشیاو و نا پەروەردەیی تێدا نێت،دوور بێت لە زمانی ناوچەیی..

*چۆن دڵنیایتە ئەو بەرهەمانەی کە لەرو لەوە بۆ منداڵان چاپ دەکرێن؟ چی بکرێت باشە؟ پێشنیارتان چییە ؟

- ئاستە بەردەوام پەرتوك و نامیلکەی تایبەت بە منداڵان دەردەچن بەڵام دەپرسین ئایا هەموویان گونجاو و پەروەردەیین بۆ ئەوەی بخرێنە بەردەست منداڵ؟ نەخێر لە بەر ئەوەی تیراژیان کەمە وەکو پێویست ناگۆنە دەستی هەموو منداڵێك تا بیخوێنێتەوە،لەگەڵ ئەوشدا تیایاندا هەیە کە هیچ مەرجێکی تێدا نییە کە تایبەت بێت بە منداڵ .من لە دیداری تریشمدا هەمیشە ئەوەم دووپات کردۆتەوە کە منداڵ بنچینەی بنیاتنانی کەمەگەیە بۆیە پێویستە تا کەمەگەیەکی دروست بنیاتبنێین پێویستە لە منداڵەوە دەست پێبکەین،بەرهەمی باش و بەسود و

گرنگ و گونجاویان بخەینە بەردەست،کە ئەمش بە بوونی دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوەی تایبەت بە منداڵان دەبێت لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە کە لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا سەرپەرشتی بکات لە هەموو بوارەکاندا ، ئەدەبی، هونەری، زمانەوانی، کلتوری، زانستی، دەروونی، منداڵ، ژینگەیی، هەر بوارێك کە ببێتە هەی ئەوەی کە باشترین و بەسودترین و گونجاوترین و سەردەمی ترین و پێشکەوتووترین بەرهەم پێشکەش بە منداڵانی کورد بکرێت. هەرچەندە پێشتر بەهەوە بەرێتی زنجیرە کتێبی منداڵان لە هەولێر و خانەی سمێرە لە سلێمانی کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون کەمەك بەرهەمی باشیان بەشێوەیەکی جوان بڵاو گەیاند ، بەداخەوە لەئێستادا هیچیان نەماون.

*ئەگەر بکرێت ئاماژە بە چاپکراوەکانت بکەیت، ئایا پرۆژەی نوێت هەیە؟

- ئەم بەرهەمانەم بە چاپ گەیاندووە، کە هەنراوە و چیرۆك وشانەیی و ئەپەرێتن بە منداڵان ،دوو بەرهەمیان کاری هاوبەشە لەگەڵ نووسەرانی تر. یەکێکیان بە هاوبەشی لەگەڵ دوو نووسەری تر بووە کە کەمەك چیرۆکی تایبەتن بە منداڵانی دایەنگە کە پێشتر کاری لەو شێوەیە نەکراوە. دووەمیشیان بە هاوبەشی لەگەڵ پێنج سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەربارەی ئامادەکانی فەرکردنە لە باخچەکانی منداڵاندا یە :

١- فەفەکە...هەنراوە...ساڵی ١٩٩٥.
٢-خەندەی ئاوات...هەنراوە..ساڵی ١٩٩٨.
٣-ئافەرین..هەنراوە..ساڵی ٢٠٠٠. پێنج جار چاپکراوەتەوە.
٤-دیاری و سەردان...چیرۆك..ساڵی ٢٠٠٤. سێ جار چاپکراوەتەوە.
٥-کەفیەن و هاوەکانی...هەنراوە...ساڵی ٢٠٠٨. دووجار چاپکراوەتەوە.
٦- سرودی کوردستان...هەنراوە...ساڵی ٢٠٠٩.
٧- هازی قوتابیەکی زیرەك...چیرۆك و هەنراوە...ساڵی ٢٠٠٩.
٨- دیاری...هەنراوە...ساڵی ٢٠١٠.
٩- بولبولەکی زیرەك...چیرۆك..وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆدەستکاریکردنەوە ساڵی ٢٠١٢.دووجار چاپکراوەتەوە.
١٠ـ جۆژن...هەنراوە...ساڵی ٢٠٠٩.
١١- وانەی کوردی...چیرۆك و هەنراوە...ساڵی ٢٠١٠.
١٢- بوکەکەم بە کوردی گەرانی دەهەت...چیرۆك...ساڵی ٢٠١٣.
١٣- گەشتەکەی گوڵە...چیرۆك...ساڵی ٢٠١٣.

١٤- ئەسپ و فیل... چیرۆك...سالی ٢٠١٣.
١٥- یاریی بیركاری... چیرۆك وهونراوە...سالی ٢٠١٣.
١٦- منداڵ و فیلم كارتۆن... شانۆیی و ئۆپەرێت...سالی ٢٠١٣.
١٧- چنار و هەمن.. ئۆپەرێت و هۆنراوە بۆ منداڵان ...سالی.. ٢٠١٩.
١٨- ئاوازی شادی.. ئۆپەرێت و هۆنراوە بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان ٢٠١٩
١٩- مریشكە كونج. بۆ (PDF) كراوە كۆ چیرۆك و هۆنراوەیە.سالی ٢٠١٧
٢٠- جۆلانە...هۆنراوە...سالی ٢٠١٩. چاپەمەنی مانگ لە شاری بانە بۆیان كردووم.
٢١- منداڵ و ژینگە ...هۆنراوە و ئۆپەرێت و شانۆیی دەربارەی ژینگە بۆ منداڵان.٢٠٢١. سێ جار چاپكراوەتەوە
٢٢- سمێرە و منداڵ...هۆنراوە...سالی ٢٠٢١.
٢٣- خۆزگە و خۆنی منداڵان... هۆنراوە...سالی ٢٠٢١.
٢٤- نیشتمانی ماسی...هۆنراوە و ئۆپەرێت...سالی ٢٠٢١.
٢٥- ئاوازی پێكەنین...هۆنراوە...سالی ٢٠٢١.
٢٦- پەروەردەكردن لەڕێگەی چیرۆكەوە بۆ منداڵانی دایەنگە، بۆ هاوبەشی لەگەڵ نووسەران(ئەمین محەمەد، پەیام ئیبراهیم) سالی ٢٠٢٤)
٢٧- ئامۆزگانی فێركردن لە باخچەكانی منداڵاندا..بۆ هاوبەشی لەگەڵ پێنج سەرپەرشتیاری پەروەردەیی..سالی ٢٠٢٤ كەمێك بەرهەمیشم ئامادەی چاپن كە دووانیان كە بەرهەمی هۆنراوەكانمن بۆ منداڵان و یەكێكیشیان تایبەتە بەو ئۆپەرێت و شانۆیانەی كە بۆ منداڵانم نووسیوە،لەگەڵ چەند بەرهەمێكی تر..

نووسەر عەلی حەمەشید بەرزنجەیی لە چەند دێرێك دا:

-لەساڵی ١٩٦١ لە شارۆچكەی بەرزنجە لە دایك ،لەساڵی هەشتاكانەوە هۆنراوە و چیرۆك بۆ منداڵان دەنووسێت، یەكەم هۆنراوەم لە ڕۆژنامەی هاوكاری دا بڵاوكردەتەوە، كە هۆنراوەیەك بووە بۆ منداڵان


- ئەندامی یەكێتی نووسەرانی كوردم لقی سلێمانییە.

-زیاتر لە (٣٠٠) هۆنراوەی ئاوازیان بۆ دانراوە و كراون بۆ گۆرانی بۆ منداڵان.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاراستەی پەروەردەیی) بووە كە بەڕێوەبەرێتی سەرپەرشتیكردندی پارێزگای سلێمانی

وەرزانێ دەریدەکرد .

- ئەستاش سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە یەکێ سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ڕاژەهەڵات لە سلێمانی.







گۆرانی هاوڕازی تیم.. نوێترین بەرهەمی شنگێ ئەحمەد

گۆرانی: هاوڕازی تیم
وتنی: شنگ ئەحمەد
تێکست: حەسیب قەرەداغی
میلۆدی: سەرکەوت نامیق

https://www.youtube.com/watch?v=4yHb8NYpMAE

گۆلەری ئـــارام لە پرۆژەیەکـــی نوێدا.. پەیوەستمان بە فەربوونی

نیچەیە.. وانەی چـــوارەم.. د. ئازاد حەمە

وەرزەکانی فەلسەفە

پرۆژەیەکی نوێی (گەلەری ئارام)ە هەرجارەو خوێندنەوەیەک بۆ فەیلەسوفێک دەکات بە هاوبەشی لەگەڵ د. ئازاد حەمە

پێویستمان بە فێربوونی نیچەیە

وانەی چوارەم:

فەلسەفە و ژن
خوێندنەوەی فەلسەفەی نیچە لە پەیوەندی بە قامچییەوە، بە پێی زەرادەشتی نیچە.

شەممە ٢٠٢٤\١١\٢
کات: ٧ی ئێوارە..
ناونیشان: عەقاری دوو کۆڵان خوار ئەمنە سوورەکە.



بۆ گۆڕانکاری وانەکان:

وانەی یەکەم:

وانەی دووەم:

وانەی سێیەم:

ئیرەییم دێ.. شێهلا نوری

ئەرەییم دێ
بە کزێ بای سارد و ڕەچیوی ئێواران
کە بەچوار دەورت دەسووڕێ
بەو شەقام و تووڵە ڕێیەی
بە سەریدا ێێ دەکەی و دەمتاسێنێ
ئەرەییم دێ
پەشاێێکەی دەوری ملت
لە ئامێزی خەیت دەنێ
بەو هەموو گۆ و گۆڕایە
لە سەر ێێگات کەنووش بردوون
بەنی گۆڕاوی تۆ دەمژن
بەهار هات و ئاسمان ساماڵ
بەهاتنی شکۆفەی یار
چەم فێنک و سەوز سەوزە
زیباترین نامەی ئیشق
وێنەی سوور
مینا پاکیی ئاوی حەوزە